# ئێران توركیا موقتەدا ؟

كارمەند بەكر
Karmand83atv@yahoo.com

توركیا هێزەكانی خۆی لە نزیك سنورەكانی كوردستان كۆدەكاتەوە و ئێران بناری قەندیل تۆپ باران دەكات و لە سنوری حاجی هۆمەرانەوە سنور دەبەزێنیٚ ، لە كەركوك كە گەورەترین كێشەیە لە نێوان كورد و شیعە و سونە و توركیا موقتەدا سەدری سەركردەی یەكێك لە باڵە شیعەكانی ناو عێراق سوپا دەنێرێت بۆ ناو كەركوك .

ئەگەر سەركردایەتی كورد وردبینانە بڕوانیٚ كۆمەڵێك مانا و مەبەست دەگەیەنیٚ هەم بۆ كورد و ئەمریكا و مەترسی ئایندە و ئەم دەورەدانەی هێز و دەوڵەتانە زەنگێكە بۆ ئایندەیەكی مەترسیدار .

دەكرێت بڵێین كە لێدانی هێزەكانی پەكەكە لە لایەن ئێرانەوە سەرنج ڕاكێشانی توركیایە بۆ لای خۆی و توند كردنی پەیوەندیەكانیەتی لەگەڵ ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی كە لە داهاتوو توركیا مل نەدا بۆ داخوازیەكانی ئەمریكا ئەگەر مەبەستی بوو لە ئێران بدات و توركیا كە پەكەكە نەیاریەتی بێگومان هاوكاری ئێران دەكات و كوردی مەبەست نی یە وەك ئەوەی كە دەگوترێت (( دوژمنی دوژمنەكەم دۆستمە )) یان هەڕەشەیە بۆ كورد بە تایبەتی كە پێی داگرت لەسەر ئەوەی كە نابێت جەعفەری سەرەك وەزیرانی عێراق بێت و ئاگاداركردنەوەی ئەو هێز و لایەنانەیە ئەگەر بێت و كار یان بیر بۆ لێدانی ئێران بكەنەوە .

هێنانی سوپای مەهدیش لە لایەن سەدرەوە ئاماژە بەوە دەدات كە من پێش تۆ خۆم ئامادە دەكەم بۆ هەر ئەگەرێكی چاوەڕوان نەكراو چونكە دوای پێكهێنانی حكومەت باسی كەركوك و ماددەی 58 دێتە پێشیٚ و لە ئێستاوە شیعەكان پێمان دەڵێن باس كردنی كەركوك قەدەغەیە .

(( گروپی ڕێكخستنی مقاومەی عێراق )) ی ڕایانگەیاند كە حەوت جار لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق لەگەڵ زاڵمای خەلیلزاد كۆبونەتەوە و ئەمەش جگە لەوەی كە فەشەل هێنانی ئەمریكایە لە ڕووی ئەمنیەوە لە عێراق لە هەمان كاتدا وەڵامە بۆ ئەو گروپ و لایەنانەی كە پێیان وایە ئەمریكا فریامان دەكەوێت و بەمەش هێرش و هەڕەشەكانی ئێران بۆ سەر كوردستان تا ئەو شوێنە ئەمریكا قسەی دەبێت و دێتە گۆڕەپانەكە ئەگەر مەترسی بۆ سەر خۆی هەبێت و دەنا هیچ باكی نیە كورد چی لیٚ دێت و دەبێتە قوربانی دەستی كیٚ .

سوریاش ئەگەر چی تۆپ بارانمان ناكات و داوای كەركوك ناكات ، بەڵام مرۆڤی تەوقیتكراومان بۆ دەنێرێت و یەكەم فێرگەی دوای سەدامە بۆ تێكدانی عێراق و دوژمنایەتی كورد.

**ئەوەی کە گرنگە ئایا سەرکردایەتی کورد چۆن دەڕوانێ لە ئایندە و بۆ تا ئێستا بێدەنگی هەڵبژاردووە لە بەرامبەر مۆڵدانی لە لایەن ئێران و تورکیا و شیعەکانەوە و بەتەمای چی یەو وەڵامی بۆ ئەم هەڕەشانە چی یە کە بەڕاستی زەنگی خەتەرن ؟**